The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# ئازادی ڕادەربڕین مافی هەموو مرۆڤێکە

وەک ئاشکرایە ئازادی بیروڕادەربڕین یەکێکە لە بنەماکانی دیموکراسی لە ناو هەموو گەلێک و لە هەر سەردەمێکدا ومافێکی سروشتی هەر تاکێکە و لە ڕێکەوتننامەی نەتەوەیەکگرتووەکانی ساڵی 1966 و هەروەها جاڕنامەی گەردوونی بۆ مافی مرۆڤ ساڵی 1948یشدا جەختی لەسەر کراوەتەوە ، کەوا هەر مرۆڤێک بەچاوپۆشین لەوەی کە بیروباوەڕی چۆن و هەرچییەکە، مافی ڕادەربڕینی بە ئازادی هەیە.
وەک هەموو لایەک ئاگادارن کە لەم ماوەیەدا نوسەر (مەریوان هەڵەبجەیی) کتێبێکی لەسەر ئیسلام نووسیوە و تێیدا هەندێک بۆچوونی خۆی وەک نووسەرێک دەربڕیوە، کەچی بەداخەوە کەسان و لایەنێک بەناوی ئیسلامەوە کەوتوونەتە هاندانی خەڵکی سادە و بە زمانی هەڕەشە و خوێنرشتن قسە دەکەن. ئێمە وەک ناوەندی هەڵەبجە/ لقی سویسرا پشتگیری تەواوی خۆمان لە ئازادی بیروڕا ڕادەگەیەنین و داواکارین لەو کەس و لایەنانەی کە ناڕازین لە بیروبۆچوونەکانی ئەو، ئەوا دەتوانن هەر بەنوسین وەڵامی بدەنەوە. با ئێمەش وەک گەلانی جیهان فێری یەکتری قبوڵکردن و زمانی دایەلۆگی شارستانییانە ببین، لە بەرئەوەی ئەم سەردەمە ڕۆژگاری دیموکراتیەت و ئازادی فکرو بیروڕای جۆراوجۆرە، دیارە ئەوەشی کە بڕوای بەم بنەمایانە نەبێت بەدڵنیاییەوە خۆی و بیروبڕواکەی زەرەرمەند دەبێت...

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد / لقی سویسرا
٢/١١ / ٢٠٠٦